# داخوا تورکیا دەتوانی هیچ خەڵەتان بکات!

ئاسۆ کەریم
Aso2karim@yahoo.com

* لە سەروبەندی لێدانی عیراق، لە ئاداری ٢٠٠٣دا پەرلەمانی تورکیا ڕێگەی نەدا بەهێزەکانی ئەمریکا، لە خاکی تورکیاوە بێنە کوردستان "بە قەولی تورکان، باکوری عیراق" و جەبهەیەکی تری شەڕ بکەنەوە. لەوساکەوە تا ئێستا، پێوەندیی ئەو دوو وڵاتە، خوارو ژوور، ناو ناوەش گرژی و ناخۆشی تێکەوتووە. تەنانەت لە ئۆپەراسیۆنی دوو ساڵ لەمەوبەری هێزەکانی ئەمریکا بۆ سەر تیرۆریستان لە شاری فەللوجە، سەرۆک پەرلەمانی تورکیا، ئەو هەڵمەتەی بە جینۆساید ناوبرد و ئێستاش ئەمریکا بە هۆکاری سەرەکی نا جێگیری لە عیراق ناوزەد دەکەن. بەگشتی، وێڕای ئەوەی تورکیا لە دوای پرۆسەی رزگاری عیراق، لە رووی ئابوورییەوە سوودمەندبووەو بەرژەوەندی زۆری بۆ پەیدا بووە هەم لە ڕێگەی گواستنەوەی کەلوپەل لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل و هەم بوونی دەیان کۆمپانیای تورکی بەتایبەتی لەبواری ئاوەدانکردنەوەدا. هەروا نەوتی کەرکووک-یش بە بۆڕی بۆ بەندەری جەیهان-ی تورکی لەسەر دەریای سپی ناوەراست دەگوازرێتەوە. لێ لە باری سیاسییەوە، دەوڵەتی تورکیا هەردەم، بەتایبەتی لە کوردو شیعە، لە پرسی فیدرالیزم و کەرکووک، نیگەران بووە و ئێستاش کەوتووەتە جموجوڵ و کۆنفرەنس گرێدان " کۆنفرەنسی پشتەوانیکردنی ئەهلی سوننەت و حەفتەی کەرکووک-٢٠٠٧,."و کۆکردنەوەی ئەملا و ئەولا دژی پرۆسەی سیاسی لە عیراقدا. تورکیا بەم هەنگاوانەی بیەوێ یان نەیەوێ دەبێتە هۆکارێکی ناجێگیری و نا ئارامی لە عیراق و ناوچەکەدا کە لە دوا شیکردنەوەدا دژ بە ستراتیجیای تازەی ئیدارەی بۆش-ە لە عیراقدا.

* تورکیا، چ پێش رووخانی سەدام و چ لە دوای ئەوەش، هەمیشە ئەو قەوانە لێ دەداتەوە کە ئەوان دەیانەوی عیراق یەکگرتوو بێ و پێ بەپێ لە دژی هەر هەنگاوێک وەستاونەتەوە کە ئەو ستاتۆیەی کوردی عیراقی بە شێوەیەکی دەستووری جێگیر کردبێ و شوێن و پلەو پایەی کوردی لە ناو ئۆرگانەکانی دەوڵەتی عیراقدا بردبێتە پێشەوە و لە هەمان کاتدا هەم لە پێوەندی کوردو شیعە، هەم پێوەندی کوردو ئەمریکا هەراسان بووە. . .

* هەروا تورکیا نەیشاردۆتەوە کە قایل نییە شاری بە نەوت دەوڵەمەندی کەرکووک بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، یان وەک ئەوان دەڵێن "کورد کۆنترۆڵی بکەن و تورکمانی لێ دەر بکەن". بۆ ئەمەش چەند بیانوێک دێننەوە: گوایا کەرکووک شارێکی تورکماننشینە. یان دەڵێن تا نیسانی ٢٠٠٣، ژمارەی دانیشتوانی کوردو تورکمان و عەرەب لە پارێزگاکەدا، هەر یەکەیان ٢٥٠ هەزار کەس بووە و گوایا لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، زێتر لە ٦٠٠٠٠٠ کوردی غەیرە کەرکووکییان بردۆتە ئەوی و باری دیمۆگرافی کەرکووکیان گۆڕیوەو ئەگەر لە کۆتایی ئەمساڵدا ریفراندەم بکرێ ئەوا کورد دەیباتەوە. لە کاتێکدا بە پێی راپۆرتی یو ئێن و رێکخراوەکانی تری مافی مرۆڤ، تەنیا لە دوای ١٩٩١-ەوە تا ڕووخانی رژێم لە ٢٠٠٣، بەعس ١٢٠٠٠٠-٢٠٠٠٠٠ کوردو تورکمان و ئاسووری لەو شارە وەدەرناوە. پاشان ئاکامەکانی هەڵبژاردن ئەو ژمارانەی کە تورکیا بە بەڵگەیان دەهێنێتەوە، بە درۆ دەخەنەوە. پاشان وەک سەرۆکی حکوومەتی کوردستان گوتی دەکرێ بۆ راستی و دروستی ئەم ژمارەو ئیدعایانە، لیژنەیەکی نێودەوڵەتی بێتە کەرکووک و لێی بپێچێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا، کوردە گەڕاوەکانی ناو شاری کەرکووک، ناخۆشترین گوزەرانیان هەیەو ئەگەر خەڵکی ئەسڵیی شاری کەرکووک نەبن چۆن بەرگەی ئەو هەموو مەینەتییە دەگرن کە رۆژانە دوچاری دەبنەوە. دووەم: لەبەر ئەوەی لە چاڵە نەوتەکانی کەرکووکدا ١٠ بلیۆن نەوت هەیە و نزیکەی ٤٠٪ی نەوتی عیراق دەبێ و ئەگەر کورد دەست بەسەر کەرکووکدا بگرن، ئەو دەمە دەست بەسەر ئەو سەروەتە دادەگرن و نەتەوەکانی تری لێ بێ بەش دەکەن وسەربەخۆیی داراییان زیاتر دەبێ و دەبێتە بنەماو بناخەیەکی پتەوی ئابووری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە هەر دەرفەتێکی چاوەڕوان نەکراودا..لەسەرینی ئەمەوە تورکیا رازی نییە، بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور ئەم کێشەیە (کەرکووک و ناوچەکانی تر) بەپێی ئەو میکانیزمەی بۆی دانراوە، حەل بکری، بۆیە تورکیا داوای راگرتن یان دواخستنی ریفراندەم لەسەر کەرکووک دەکا. ئەو پارێزگایەش بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ.

* تورکیا، وەک دەردەکەوێ نایەوێ ئەمریکا لە ئێران و سوریا گۆڕانکاری بکات و دەترسێ ئەو دوو وڵاتەش بە دەردی عیراق بچن و کورد لەو دوو وڵاتەش دەرفەتی گەیشتن بە هەندێ مافی نەتەوەییان بۆ هەڵکەوێ و دواجار کار لە رەوشی کوردی ناو تورکیا بکات و هانیان بدات. بۆیە وێرای ئەوەی سروشتی حوکمرانی تورکیا و ئێران و سوریا جیاوازییان لەگەڵ یەکدا هەیە، بەڵام لەبارەی کوردەوە تەنسیق لەگەڵ یەکتردا دەکەن. دەکرێ بڵێین، تورکیا تووشی فۆبیای کوردی بووە.



* بیانوێکی تری تورکیا بوونی پەکەکەیە لە ناوچە سنوورییەکاندا و گوایا پەکەکە ئێرە بۆ خۆراهێنان و چەک پەیداکردن و حەسانەوە بەکار دەهێنی و بۆیە بە زۆر و بەهێزی سەربازی، دێنە ناو کوردستان و دەست لەو بنکانە دەوەشێنن. تورکیا، لە ١٩٨٤-ەوە تا ئێستا دەیان ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی ئەو حزبە کردووەو تا ئێستا پێی لەناو نەبراوە. تورکیا دەیەوێ بڵێ ئەوە هۆکاری دەرەکییە بۆتە مایەی مانەوەو بەهێزبوونی پەکەکە نەک هۆکاری ناوەکی لەکاتێکدا هەموومان دەزانین بە خودی تورکیاشەوە کە پەکەکە چالاکی لە ناو تورکیادا ئەنجام دەدا و لایەنگری زۆریشی لە ناو شارەکانی تورکیادا هەیە. دیارە پەکەکە ئێستا چالاکی گەریلایی خۆی راگرتووەو لە حاڵەتی بەرگری لەخۆکردن دایە، چونکە لە ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦-ەوە یەکلایەنە، ئاگربڕی راگەیاند. لێ حکوومەتی رەجەب تەیب ئۆردوگان بەدەم ئەو ئاگربڕەوە نەهاتووەو یەکێتیی ئەورووپاش، کە تورکیا بۆ ئەندامێتی ئەو

یەکێتییە کاندیدکراوە، بۆ بوونە ئەندام داوای پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا دەکات. ئەوروپا لەوە ئاگادارە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا ١٥-٢٠ ملیۆن کورد هەیەو کە لە ٢٠٪ ی سەرجەم دانیشتوانی تورکیا کەمتر نیین و گرفتی لەگەڵیاندا هەیە. ئەم زیهنیەتە میلیتارییە، زۆر لەسەر حکوومەتی تورکیا کەوتووە. بەپێی هەندێ مەزەندە ساڵانە خەرجی ئەو شەڕە لە نێوان ٦-٨ بلیۆن دۆلار دایەو ئەمەش ئابووری تورکیای شپرزە کردووە. ئەمە بێ لە ئاسەوارەکانی تری ئەم شەرە نەگریسە.

* ئەوە هەر ئەمڕۆ نییە، تورکیا هەڕەشان بکاو بیەوێ بە هێزی سەربازی بێتە ناو کوردستانی عیراق. لە دوای روخانی رژێمی سەدام حوسێن، تورکیا باس لەوە دەکا کە، پلانی میلیتاری لەناکاویان بۆ پەلاماردانی "باکوور"ی عیراق هەیە و ناو بەناویش هێز لەسەر سنوورەکان کۆ دەکاتەوەو بەرپرسان ئاخاوتن دەدەن.

* بۆیە ئاخاوتنی رۆژی سێ شەممەی رابردوو، ١٦ی ئەم مانگەی، رەجەب تەیب ئەردۆگان-ی سەرۆک وەزیر، لە ئەنقەرە لە کۆبوونەوە لەگەڵ کتلەی پەرلەمانیی حزبەکەیدا، حزبی عەدالەت و گەشەپێدان AKP درێژەدەری هەمان رێبازە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە" کە ئەوان دژی ئەوەن کورد کۆنترۆڵی شاری کەرکووک" بکەن. چیتر وەک چاودێرێکی بێ دەنگ سەیری پەرەسەندنەکانی ناو عیراق ناکەن و بەرانبەر پەرەسەندنەکانی ناو کەرکووکیش بی باک نابن.

لەراستیدا نابێ ئەم لێدوانانە بەهەند وەرنەگیرێن، هەرچەندە زوو سەرۆکایەتیی کوردستان، وەڵامێکی دەست و بردی ئۆردوگانی دایەوە، چونکە ئەمجارەیان لەگەڵ ئەم ئاخاوتنانە، هێزێکی گەورەش لەسەر سنوور کۆکراوەتەوەو دەست بە جموجولی سیاسیی پێچەوانە و کلک گرێدان و سازدانی دەستەو تاقم لەو لاو لەولا کراوە و بە ئاشکرا تورکیا وەک تەرەفێکی هاوکێشەکانی ناو عیراق، بەتەمای گەڕان بەدوای هێزو دەسەڵات پەیداکردن، هاتۆتە پێشەوە.

لێ دەبی ئەوە بگوتری، لە نیسانی ئەمساڵدا، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە تورکیا دەکرێ و رەنگە ئۆردوگان خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژێری و دواتر هەڵبژاردنی گشتی لە تشرینی دووەمدا دەکری و حزبەکەی ئۆردوگان، کە لەسەر ئیسلامی سیاسی حسێبە، بە تەمایە وەکو ساڵی ٢٠٠٢ بیباتەوە. دواتر دەنیز بایکال-ی سەرۆکی گەورەترین حزبی ئۆپۆزیسیۆن، حزبی گەلی کۆماری، پشتەوانی خۆی بۆ دەخالەتکردن لە کوردستانی عیراق، دەربڕی. بۆیە هەندی لە چاودێران دەڵێن بەشێکی ئەو ئاخاوتنانە، لە چوارچێوەی پرۆپاگندەی هەڵبژاردن و ختوکەدانی هەست و نەستی نەتەوەییانەی تورکان دادەنرێ.

* بێ لەوە، دەکری هەم ئەو لێدوانانەو هەم ئەو هێز کۆکردنەوەیە، بە فشاری سیاسی و ئابووری بزاندری بۆ سەر کورد، حکوومەتی عیراق و بۆ سەر خودی ئەمریکاش، لە کاتێکدا، بۆش ستراتیجیایەکی تازەی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی ناو عیراق و رەوشی ناوچەکە بی رەچاوکردنی راپۆرتی بیکر- هاملتۆن، پەسندکردووەو حکوومەتی مالیکی-یش، پلانی ئەمنی شاری بەغدا بەرێوەدەبا و کوردیش توخمێکی کاریگەری ناو پرۆسەی سیاسییە لە عیراقدا. واتە فشار بۆ چاوگێرانەوە بە دەستوورو پرسی فیدرالیزم و کەرکووک و کێشەی دابەشکردنی نەوت، بە شێوەیەک کە لە ستاتۆ و مافەکانی کورد کەم ببتەوە. لێ هەڵوێستی سەرۆکایەتیی کوردستان، زۆر لێبڕاوانە بوو، هەم هەڵوێستی وەزارەتی دەرەوەی حکوومەتی عیراق-یش.

* لەسەرێکی تریشەوە، تۆم کاسی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لەبەرانبەر ئەم فشارانەی تورکیا گوتی: هەندی بابەت پێشتر قسەیان لەبارەوە کراوە، لە دەستووری عیراقدا، میکانیزم گەلێک بۆ براندنەوەی ستاتۆ و باری کەرکووک دیاریکراوە. هەڵبەت، لە حکوومەتی عیراق را دەبینین بەپێی ئەم پلانانە بجولێتەوە و ببزوی". رۆس ویلسن-ی بالیۆزی ئەمریکاش لە ئەنقەرە پشتەوانی خۆی بۆ ریفراندەم سەبارەت بە کەرکووک دوپات کردەوە، " ئایندەی کەرکووک، پرسێکە گەلی عیراق خۆیان بڕیاری لی دەدەن. شتێکی سروشتییە، ئەمریکا، تورکیا، یان هەر وڵاتێکی تر بیروڕای خۆی لەبارەی کەرکووک-ەوە هەبی، لی دوا "خیار" بۆ عیراقە." زالمای خەلیل زادی سەفیری ئەمریکاش لە بەغدا "حکوومەتی تورکیای ئاگادار کردەوە کاری لەمبابەتە نەکەن".

* ئەم هەڵوێست و قسانەی ئۆردوگان و بەرپرسانی دیکەی تورکیا، لەگەڵ پرەنسیپی دەخالەت نەکردن لە کاروباری ناوخۆی وڵاتێکی تر و پرەنسیپی هاوسێیەتی باش ناگونجی و پێشێلکردنێکی ئاشکرای قانوونی نێودەوڵەتییەو رێگا بۆ دەوڵەتانی تریش خۆش دەکا، کاری وا بکەن.

* پێموایە و هەقە، ئۆرگانەکانی دەوڵەتی عیراق: سەرۆکایەتی کۆمار، پەرلەمانی عیراق، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عیراق بە جیدیتر بێنە وەڵام و تورکیا لەم کارە ناحەزانە ئاگادار بکەنەوە. چونکە ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بەشێکە لە ئاسایشی هەموو عیراق و هەق نییە هەرێمی کوردستان بۆ روبەروبوونەوەی هەرەشەی لەمجۆرانە، بەتەنیا جی بهێڵن. چونکە لە باری وادا، کوردیش مافی خۆیەتی خۆی بە عیراقی نەزانێ!

* مخابن ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، رای گشتیی کوردستانە، کە زێتر بە بێ باک و خەمسارد دێتە بەرچاو، هەر هۆیەک لە پشت ئەمەوە بێت، ناکرێ لە ئاست مەسەلە چارەنووسسازەکاندا بی دەنگ بین، هەمووومان لەناو یەک کەشتی داین!

**هەر ئەمڕۆ نییە، تورکیا هەڕەشان بکاو بیەوێ بە هێزی سەربازی بێتە ناو کوردستانی عیراق. لە دوای روخانی رژێمی سەدام حوسێن، تورکیا باس لەوە دەکا کە، پلانی میلیتاری لەناکاویان بۆ پەلاماردانی "باکوور"ی عیراق هەیە و ناو بەناویش هێز لەسەر سنوورەکان کۆ دەکاتەوە**

✽ ✽ ✽

**سەرۆکایەتی کۆمار، پەرلەمانی عیراق، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عیراق بە جیدیتر بێنە وەڵام و تورکیا لەم کارە ناحەزانە ئاگادار بکەنەوە. چونکە ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بەشێکە لە ئاسایشی هەموو عیراق و هەق نییە هەرێمی کوردستان بۆ روبەروبوونەوەی هەرەشەی لەمجۆرانە، بەتەنیا جی بهێڵن. چونکە لە باری وادا، کوردیش مافی خۆیەتی خۆی بە عیراقی نەزانێ!**